# لەبەهەشتی زەهرا چ باسە ؟!!

# ئایا گۆڕی شەهیدەکانمان هەڵدراوەتەوە ؟!!!!




پاش ئەوەی لەهەندێک لەراگەیاندنەکانی کوردستانی باشوور دەنگوی هەڵدانەوەی گۆری شەهیدەکانی هەڵەبجە لەکارەساتی جینۆسایدی 1988 شەهید بوبون و لەشاری تارانی پایتەختی ئیران نیژرابون بڵاو بویەوە، ئەم هەواڵە خاوەنی شەهیدان و خەمخورانی دۆست بە گیانی پاکی شەهیدانی هەڵەبجەی خەمبارو نیگەران کرد بۆیە ستافێک لەماڵپەری هەڵەبجە ئین فۆ بەمەبەستی پشتراستکردنەوەی ئەم هەواڵەو کارکردن بۆ هینانەوەی گەلێک دیکۆمێنتی گرنگی ئەو جینۆسایدە روویان لەئێران کرد پاش ئەوەی سەردانی بەهەشتی زەهرا کرا و بەتایبەت بەشی (40) ی ئەو گۆرستانە کەشەهیدەکانی هەڵەبجەی تیدا بەخاک سپێراوە بەسەرکردەوە ،دەرکەوت کە سەرجەم گۆری شەهیدەکان ماون و بەهیچ شێوەیەک دەستکاری نەکراون هەندێک گۆریان کە ئیمە گومانمان لێیان کرد کە بە گۆرە (بێناوەکان) زیاتر ناسراوبوون ئەوانە دەستکاری کرابن بەلام بەهەمان شێوە ئەوانیش لەشوێنی خۆیاندا مابون، بۆیە ئیمە لە ماڵپەری (www.halabja.info ) ئاگاداری سەرجەم خانەوادەی شەهیدان و کەس وکاریان و خەمخۆرانی شەهیدانی هەڵەبجە ئەکەین ئەو هەواڵە لەراستیەوە دورە.

**بەهیوای ئاسودەی بۆ دڵ و رۆحی کەس و کاری شەهیدان**

**سەلاح جەمیل سەرپەرشتیاری تیمی ستافی ماڵپەری هەڵەبجە ئین فۆ لەبەدواداچون بۆ ئەم هەواڵە**